


گۆڤاری زانکۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 6 2024
ID No. 1688 (PP 1-11)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.6.1


توێژینەوە

# کاڵبوونەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێو نەوەی گەنجاندا - توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر


**حیکمەت نامق علی/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق.



## پوختە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی چۆنایەتییە لەبارەی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لای نەوەی گەنجان و زانین وتێگەیشتنی گەنجانە لەبارەی شوێنگرتنەوەی کات بەسەربردن لەبەرانبەر خۆشەویستییدا لەگەڵ ڕۆڵی بەکارهێنانی فەزا ئەلیکترۆنییەکان لەم بارەیەوە شاری هەولێر کۆمەڵگای توێژینەوەیە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازی چاوپێکەتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهێنراوە نموونەی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا لەجۆری نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە کە پێکهاتوە لە شەش کەس سێ ٣ کچ و ٣سێ کوڕ تەمەنیان لەسەرەتای بیستساڵیدایە. گرنگترین ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە ڕووندەکاتەوە کەوا پەیوەندی خۆشەویستی بەرەو کاڵبوونەوەو پوکانەوە دەچێت لەبەرانبەردا کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن شوێنی ئەو پەیوەندیە ی گرتۆتەوەلای نەوەی ئێستای گەنجاندا، هەروەها گرنگترین دەرەنجامی بەدەستهاتوو بەپێی وەڵامی لێتوێژەران فەزا ئەلیکرۆنیەکان، یان سۆشیاڵ میدیا بەگشتی هەمدیسان ئەو پەیوەندیەی بەرەو لاوازی وکاڵبوونەوە بردوە .



CORRESPONDENCE
د. حیکمەت نامیق عەلی
Hawleryhalwest70@gamil.com



وەرگرتن 2024/01/11
پەسندکردن 2024/07/30
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
خۆشەویستی،
پەیوەندی خۆشەویستی
نەوەی گەنجان،
فەزا ئەلیکترۆنیەکان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەكی

گومانی تێدانیه پەیوەندیه کۆمەڵایەتییەکان له سەردەمی ئێستادا بەرەو پووکانەوەو هەڵوەشانەوە دەچێت بەهۆی گۆڕانکاریه خێراکانی سەرمایەداری و جیهانگیریەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایە پەیوەندیە سۆزداری و خۆشەویستەکان لەناوکۆمەڵگاشدا بەشێوەی ڕێژەیی گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتوە، هەرچەندە پرسی خۆشەویستی لە ناو تیۆرە کۆمەڵناسی وهزریەکاندا بابەتێکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندە، بەڵام لەڕووی ئەزموونگەری وپیادەکردنەوە بووەتە کاری کۆمەڵناسان زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو پرسە زیاتر کەسی و تایبەتە، بەڵام هەر ئەو پەیوەندیە دەبێتە هۆی پتەوکردن و ڕاگیرکردنی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی، لێرەوە پرسی خۆشەویستی وسۆزداری دەبێتە گەنگەشەو گفتوگۆی کۆمەڵناسان بەوەی، کە خۆشەویستیش وەک هەردیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی هەیە بە بەکارهێنانی میتۆدەکانی کۆمەڵناسی، هەرچەندە پرسی خۆشەویستی تەنیا تایبەت نیە بە پەیوەندی نێوان کورو کچ، بەڵکو خۆشەویستی چەندین جۆرو فۆڕمی هەیە، هەروەها تەنیا کورت ناکرێتەوە بۆ تەمەنێکی دیاریکروا، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەنیا تایبەتە بە کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز ی گەنجان، ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردی لەپێشوتردا پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەی نەریتی و پتەوی بەکاردەهێنا لەنێویشیدا پەیوەندی خۆشەویستی، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوپەیوەندییە بەرەو شلی وکاڵبوونەوە هەنگاوی نا بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی وخودی، سۆزداری وخۆشەویستی لەنێو نەوەی گەنجاندا پانتایەکی گەورەی داگیرکردوە لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا هەر ئەو پەیوەندییەشە لێکەوتەی بەسەر فۆڕمەکانی دیکەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. فەزائەلیکترۆنییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە کاڵبوونەوەی بەها ڕەسەنەکاندا ، بەتایبەتی لەدنیای ئێستادا کە بەدنیای پۆست مۆدێرنە دەناسرێتەوە کۆمەڵگای کوردستانی پشکی شێری بەرکەوتوە لە بەکارهێنانی ئەو فەزا ئەلیکرۆنیانە بەشێوەیەک بووەتە واقیعێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لای نەوەی گەنجان. زۆرێک لە سۆسیۆلۆژستەکانی هاوچەرخ پێیان وایە ئەو فەزا ئەلیکترۆنیانە بوونەتە هۆی سەندنەوەی دیاردەو شتە ڕەسەنەکانی پێشووتر، چونکە لەڕێگای هەژموونی سەرمایەداری جیهانگیریەوە مرۆڤ بووتە ئامێرێکی ڕۆژانەی بەکارهێنراو لەناو فەزا ئەلیکترۆنییەکاندا.

## كێشەی توێژینەوە

ئەگەرچی بەهۆی پێشکەوتنە یەکدوایی یەکەکانی دنیای سەرمایەداری و جیهانگیریەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتوە، بۆیە هاوشان لەگەڵیشیدا خۆشەویستی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی ئێستادا گۆڕانی بەسەرداهاتوە وەک هەموو دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی لەناو توێژو گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەتایبەتی لەنێو نەوەی تازەی گەنجاندا، کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەئێستادا بووەتە دیاردەو پرسێکی باوی سەردەم لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا بەتایبەتی لەنێو نەوەی گەنجاندا، کەبەنەوەی سۆشیاڵ میدیاو فەزا ئەلیکترۆنیەکان ناسراوە، پەیوەندی سۆزداری وخۆشەویستی لەناو ئەو توێژەدا وەک جۆرێک لە ناسەقامگیرو کردەوەیەکی تێپەڕیو دەردەکەوێ بەراورد بەنەوەی پێشودا لاوازی و کاڵبوونەوەی خۆشەویستی وەک بابەتێکی گرنگی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پووکانەوە دەچێ ئەمەش جۆرێک لە نیگەرانی قووڵ دروستدەکات لەناو کۆمەڵگاو پەیوەندیە سۆزداری و جۆرەکانی دیکەی ئەو پەیوەندیە لەڕووی دەروونی وکۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی وبەختەوەریەوە لای نەوەی گەنجان، بۆیە تێگەیشتن لەبارەی ڕەگوڕیشەی هۆکارو لێکەوتەکانی ئەو دیاردەیەگرنگە، کێشەی توێژینەوە گەڕانە بەدوای هۆکارەسەرەکی و شاراوەکانی کاڵبوونەوەی ئەوپەیوەندییە سۆزداریەی، کە لێکەوتەی دەروونی وکۆمەڵایەتی دروستکردوە لای نەوەی گەنجان لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەهۆی هەژموونی سەرمایەداری و دنیای نیولیبرلیزم، چونکە تێبینی دەکرێ خۆشەویستی ئەو پەیوەندیە ئاکاریی وپابەندیە و ڕێزگرتنی جارانی نەماوە و بەهاو وەزیفەی لەدەستداوە لە ئێستادا کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن خەریکە شوێنی دەگرێتەوە بۆیە، یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی ئەو توێژینەوەیە دۆزینەوەو گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارەی، کەئایا کات بەسەر بردن وچێژوەرگرتن شوێنی بەهای خۆشەویستی گرتۆتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا وەک یەکێک لە کەلێنە شاراوەکانی ئەوپرسە کاری لەسەرکراوە، هەرچەندە ئەو بابەتە تەواو هەستیارە توێژەر نموونەی مەبەستداری وەرگرتوە.

## پرسیاری توێژینەوە

-ئایا کات بەسەربردن شوێنی پەیوەندیی خۆشەویستی گرتۆتەوە

-تاچەند ئامرازەکانی بەکارهێنانی فەزا ئەلیکترۆنیەکان بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لای نەوەی گەنجان.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەدا ئەوەیە کە شیکردنەوە بۆ ئەوەبکات چۆن پەیوەندی خۆشەویستی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیەکی تەندروستەوە گۆڕاوە بۆ کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن لای ئەو گەنجانەی کە بەو ئەزموونە تێپەڕیون، یان لەناو پڕۆسەکەدان.

**ئامانجی سەرەکی توێژینەوە** کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستیە لەنێو نەوەی گەنجاندا.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆریەوە ناساندن وکارکردنە لەسەر بابەتێکی زۆر هەستیاری ناو کۆمەڵگاوپەیوەندیە کەسی وکۆمەڵایەتییەکان ، چونکە خۆشەویستی وەک هەر پرسێکی دیکە شیاوی توێژینەوەی ئەکادیمیە، هەروەها گرنگی لایەنی تیۆریەکەی خۆی لەوەدادەبینێتەوە پێویستە زیاتر کار لەسەر ئەو پرسە بکرێ ، چونکە کەمتر کار لەسەر پرسە کەسی وکۆمەڵایەتییەکان کراوە.

**گرنگی ئەم توێژینەوە لەڕووی کرداریەوە** پرسی خۆشەویستی چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی لەناو گەنجان هێناوەتەکایەوە بۆیە لەڕووی کرداریشەوە ئەو بابەتە گرنگە لەهەردوو جۆری میتۆدەکە کاری لەسەر بکرێت هەم میتۆدی چۆنایەتی و هەم میتۆدی چەندایەتی، هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەڕووی پراکتیکیەوە هاندەرێکی باشە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم بابەتانە لەکۆمەڵگای کوردستانیدا، چونکە کارکردن لەم پرسە دەرفەتێکی باشە بۆ دەرخستن ودەستنیشانکرنی خاڵە لاوازەکانی ئەو پەیوەندیە لەکۆمەڵگای کوردیدا دواتر دۆزینەوەی ڕێگا چارەی توێژەران لەم بارەیەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی چۆنایەتییە تێیدا ئامرازی شیکاری چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهاتوە بۆکۆکردنەوەی داتا توێژەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە لەگەڵ لێتوێژەران.

لەم توێژینەوەدا شەش چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە لەنێو پەیوەندی خۆشەویستیدان، یان بەو ئەزموونە تێپەڕیون.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکەو جۆری نموونەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوە شاری هەولێرە، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لەوکۆمەڵگایەی کە توێژەربە گوێرەی بابەتی توێژینەوەکەی دەستنیشانی دەکات کە دەشێ گرووپێک یان چەند کەسێک وەربگرێت بە پێی جۆرو کێشەی توێژینەوەکەی دواتر نموونەی وەرگیراو توانای نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دەبێت،ئەوکەسانەی کە بەشێوەی خۆبەخش بەشداریان لەم توێژینەوەکردوە ژمارەیان شەش کەسە سێیان کچ بوون سیانەکەی تر کوڕ بوون تەمەنیان لەسەرەتای بیست ساڵەکان بوون پیشەیان قوتابی زانکۆ بوون ، سنوری توێژینەوەکە لە ناو شاری هەولێر بوو، ئەو ٦ شەش گەنجە لەنێو پەیوەندی خۆشەویستیدان و ئەو ئەزمونەیان بینیوە بەشداربوانی ئەم توێژینەوە پێشینەی جیاوازیان هەبوو وەک ئاستی خوێندەواری و تەمەن، جۆری نموونەی بەکارهاتوو بریتیە لە نموونەی مەبەستدار لە میتۆدی چۆنایەتیدا وەک لەکێشەی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە لەلایەن توێژەرەوە.

**یەکەم:باکگراوندێکی کۆمەڵناسیانە لەبارەی ئەم توێژینەوەیە**

هەرچەندە ئەوپرسە پەیوەندی بەلایەنی سۆزداری و دیوی ناوەوەی کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام لە ناوەندە کۆمەڵناسیەکانی دنیا کارێکی نامۆ نیە لەنێو کایەی ئەکادیمیدا، چونکە هەمیشە ئەقل و سۆزمەندی مرۆڤ ئاراستە دەکەن لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەگەرچی پرسی خۆشەویستی و بابەتی سۆزداری پەیوەندیەکی کەسیە، بەڵام مادام ئەم پەیوەندیە داینەمۆی پێکهێنان ودروستکردنی پەیوەندیەکی گەورەتری کۆمەڵایەتییە کۆمەڵناسی وەک کایەیەکی گرنگی سەردەم کار لەسەر هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات لەناو کۆمەڵگا، چونکە خۆشەویستی پەیوەندی بەزۆربەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاوە هەیە وەک کولتوورو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وهاوسەرگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی جێندەرو چەندین دیاردەو دامەزراوەی دیکەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، بۆیە خۆشەویستی بووە پرسێکی ئەکادیمی وەک هەموو گرفت و پرسەکانی دیکە لەناو کایەی کۆمەڵناسیەوە ، چونکە زانست بەهاو سیستەمێک دروستدەکات لەدنیای هاوچەرخدا، کە پشت بە سۆزمەندی وئەقڵ ببەستێ سەربەخۆیانە کاری خۆی بکات، چونکە مرۆڤ هەم ئەقڵ ئاراستەی دەکات هەم سۆزمەندی هەروەک کۆمەڵناسی ئەمریکی( تۆماس شێف) دەڵێ دیاردە سۆزمەندیەکان ئاراستەمان دەکەن، کە لە واتاو مانای ژیان تێبگەین، چونکە بەهاو هێمای ژیانی زۆربەی ڕۆژانەی

خەڵک بەگوتەی ئەوزانایە هەمیشە سۆزداری دروستی دەکات، بۆیە بۆئەوەی گەشە بکەین پێویستمان بەخۆشەویستیە Schef, Thoma,2016,p12

ئەگەرچی سۆزمەندی تەنیا کورت ناکرێتەوە لەبواری کۆمەڵناسی خۆشەویستیەوە، بەڵکو پەیوەندی بە کایەی ئەدەب وشیعرو گۆرانی وهونەرەوە هەیە هەروەک پەیوەندی بە کایەی فەلسەفی و دەروناسیەوە هەیە ، بەڵام سۆزاداری وخۆشەویستی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵناسی بووەتە پرسێکی باو لەناو کۆمەڵگا توێژ و نەوەی گەنجان بەتایبەتی پیادەی دەکەن وەک کردەوەو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ڕەنگە چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا جێبێڵێ لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی لە دنیای مۆدێرنەو ژیانی ڕۆژانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت، زۆرێک لەتوێژەران وسۆسیۆلۆژستە کلاسیک وهاوچەرخەکان ئەو بابەتەیان بەهەند وەرگرتوە وەک پرسی لێکۆڵینەوەی تیۆری و پراکتیکی بەتایبەتی لەوانە جۆرج سمێڵ وماکس ڤیبەرو ئەریک فرۆم و نیکلاس لوهمان و ئەنتۆنیۆ گیدنزو ئیلریش بێک و ئیڤالوس و زیگمۆن باومان و چەندین کۆمەڵناسی دیکە، بۆیە ئەو بابەتە تەنیا کورت ناکرێتەوە بۆ پرسی کەسی، بەڵکو شوێنی توێژینەوەو بەدواداچوونە، کارکردن لەبارەی خۆشەویستی وەک بەهایەکی گرنگی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگای بەجیهانیکراو ڕەنگە کارێکی سەرکێشانە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ڕۆژانەی هەریەکێکمان پڕیەتی لەبەخشینی کردەوەی بچوک وگەورەی خۆشەویستی وسۆزداری هەر ئەو جۆرە کردەوەی خۆشەویستیەشە یارمەتیمان دەدات بۆ دووبارە پێداچونەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە خۆشەویستی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ڕاگیرکردن و پەرەپێدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و یەکخستنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکترIorio, Gennaro and Cataldi, Silvia,2023,p21 .

لێرەوە کۆمەڵناسی کلاسیک وهاوچەرخ چەمک و بەهای خۆشەویستیان کردە فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی لەنێو فەزای گشتیدا. لەسەر ئاستی میکرۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. لەبەر ڕۆشنایی ئەم باکگراوندە کۆمەڵناسیانە کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگایەکی ڕاگوزەربەدەر نیە لە گۆڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەبەرانبەر سۆزمەندی و خۆشەویستیەوە، ڕەنگە خۆشەویستی لەفەزای گشتیدا وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی بەهەند وەرنەگیرابێت، بۆیە ئیشکردن لەسەر ئەو پرسە کاری ڕژدی کۆمەڵناسیە بەتایبەتی لەدنیای ئێستادا کە تێیدا کۆمەڵی کوردی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە لەڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا بەراورد بە پێشتر ئاراستەو بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بەرانبەر بەکۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرداهاتوە بەشێوەی چەندی و چۆنی بەتایبەتی لە بواری وەزیفەو کردەوەی خۆشەویستی و پەیوەندییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی بابەتی خۆشەویستی پەیوەندی بە کۆمەڵگایەکی ئازادو کراوە هەیە، چونکە خۆشەویستی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا پەیوەندی بە بژارەی کەسی ئازاد ویەکسانی ڕەگەزەکانەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵگای کوردی هێشتا لە دۆخی ڕاگوزەری دەژیت بەمانایەکی دیکە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردی لەنێوان تایبەتمەندیەکانی مۆدێرنەو بەر لەمۆدێرنە دەژیت، بۆیە هاوشان لەگەڵیشیدا تاکەکان لەبەرانبەر خۆشەویستی و سۆزداریدا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کێشە دەبنەوە لەگەڵ گرووپ ودامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها هێشتا ڕووبەڕووی یەکسانی ڕەگەزەکان و ژێندەر دەبێتەوە، چونکە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەرکەوتنی پەیوەندی خۆشەویستی و پەرەسەندنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## دووەم: دەروازەیەکی تیۆری و پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوتر

سۆسیۆلۆژیای خۆشەویستی و سۆزداری مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە دەکات وەک بابەتی تیۆری و پراکتیکی ئەو تەوەرە دەروازەیەکی تیۆریە بۆ ناساندن و پێداچوونەوە بە چەمکی خۆشەویستی و سۆزداری، هەروەها ئیشکردنە لەسەر ئەو توێژینەوە سۆسیۆلۆژیانەی، کە نوسەرو توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی لەسەر بابەتی خۆشەویستی و سۆزداری بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان خستۆتەڕوو ، توێژەر لەم توێژینەوەدا ئامانجی ئەوەیە کاڵبوونەوەی پرسی خۆشەویستی لەنێو نەوەی گەنجان شی بکاتەوە لەگەڵ تاوتوێکردن و گەڕان بەدوای ئەو پرسیارانەی کە لە توێژینەوکەدا خراوەتەڕوو.

سۆسیۆلۆژیای سۆزمەندی ڕوانینێکی قووڵ دەداتە ئەو شێوازو ڕێگایانەی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەست وسۆزەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەومانایەی کە چۆن هەست وسۆزەکان دەشێ بەشداربن لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆڕمی سیستەمەکۆمەڵایەتییەکان.von Scheve, Christian,2013, p13

لێرەوە خۆشەویستی وەک بابەتێکی سۆزمەندی مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکۆمەڵایەتییەکانی هەیە لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەیەک ئەو پەیوەندیە گرووپ وپێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی ڕاگیردەکات. ڕەنگە پێناسەکردنێکی وردو دروست نەبێت بۆ چەمک وبەهای خۆشەویستی وەک لەسەرەتاوە هێمامان بۆکرد ئەو بابەتە پەیوەندی بە زۆربەی کایەزانستییەکانەوە هەیە، بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی کۆکن لەسەرئەوەی کە خۆشەویستی پەیوەندی بە دیوی ناوەوەی کەسایەتی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، هەرچەندە پەسەندترین ناساندنی خۆشەویستی پەیوەندی بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە هەیە، کە مرۆڤ دەیگێڕێت لەناو کۆمەڵگادا هەروەک کۆمەڵناس (ئیلریش بێک) پێی وایە، کە خۆشەویستی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی

و فۆرمێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە نەوەک پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی، یان بەتەنیا سۆزمەندی بێتSeebac, Swen,2017, p44-47 . بەڵام (لۆهمان) پێی وایە خۆشەویستی پەیوەندی بە فەزای کۆمەڵایەتیەوە هەیە خۆشەویستی شتێک نیە بەتەنیا لەنێوان دووکەس رووبدات، بەڵکو وەزیفەیەکی نێوەندگیری هەیە کۆمەڵێک ڕێسا دروستدەکات بۆ هەست وسۆزەکان لۆهمان لە توێژینەوەکدا بەناوی (خۆشەویستی وەک سۆزمەندی) پێی وایە خۆشەویستی تەنیا ئەزموێنتکی کەسی نیە بەئەندازەی ئەوەی دیاردەیەکە بەقووڵی ڕەگی داکوتاوە لەناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەک زانراوە لۆهمان جەخت لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە بەوەی کە چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤەکان، بۆیە ئەو نۆرمانەش کاریگەریان هەیە بەسەردەربڕینی هەستی تاکەکان وئەزموونکردنی کایەی خۆشەویستی ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەی خۆشەویستی(کۆمۆنیکەیشن) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت بۆگوزارشتکرن لەهەست و خواست وچاوەڕوانی تاکەکان، هەروەها ئەو کۆمەڵناسە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە خۆشەویستی بەپێی گەشەکردن وپێشقەچوونی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردادێ لای ئەو کۆمەڵناسە خۆشەویستی خاوەن سیستەمێکی تایبەت بەخۆیەتی نەک تەنیا ئەزموون دروستدەکات لای تاکەکان، بەڵکو کۆدێک پێکدێنێت بۆ پێدانی متمانە بۆ داهاتویەکی هاوبەش تێیدا ئالۆزییەکان کەمدەکاتەوە ڕێگە بەخەیاڵکردن دەدات بۆدروستکردنی پەیوەندیەکی بەردەوام.Luhmann, niklas, 1986,p20 .

لێرەوە لۆهمان پێماندەڵێت خۆشەویستی پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فۆرمەکانی هەیە، ئەگەرچی هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ پێکدێنێت، بەڵام دەچێتە ناو سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان، خۆی سیستەم دروستدەکات بۆبەردەوامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وپاراستن و گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، چونکە خۆشەویستی وەک دیاردەیەکی تەواو کۆمەڵایەتی بەدەر نیە لەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم وەک هەموو دیاردەکانی دیکە ئاست و پەیوەندیەکانی گۆڕانی بەسەردادێت هاوشان لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وکات وشوێن وکولتووری کۆمەڵگاکان.

ئیڤالووز سۆزمەندی بەوە پێناسەدەکات کەوا کردەوەیەکی سەرپێیی نیە، بەڵکو وزەیەکی ناوەکیە هانماندەدات بەرەو کردەوە، سۆزداری وزەیەکی بارگاویە بە کردەوە هەمیشە پەیوەندی بە خودو دۆخی کولتووری ئەوی ترەوە هەیە. Illouz, Eva,2007, p11

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە خۆشەویستی تەنیا پرۆسەیەکی خودی نیە بەتەنیا، بەڵکو یەکانگیری وئاوێزانی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ یەکتر هەروەک ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتی وئاکاریەیە، کە دووبارە فۆڕمی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخاتەوە و پەرەی پێدەدات. هەرچەندە وەک سەرەتا باسمانکرد خۆشەویستی جۆرو شێوازی زۆرە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جۆری خۆشەویستیە لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاواز نەوەک هەمان ڕەگەز، هەرچەندە باوترین خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی کورو کچ پەیوەندی ڕۆمانسیە وەک ئیڤا لووس ئاماژەی بۆکردوە ئەو جۆرە خۆشەویستیە بەرەنجامی بژارەی کەسەکانە. کۆمەڵناسی بەڕەگەز مەغریبی (ئیڤالووز) پێی وایە، کە گرنگترین وەرچەرخانی مۆدێرنە بەرهەمهێنانی بژاردە بوو لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە بواری خۆشەویستیدا، چونکە بەڕای ئەو کۆمەڵناسە خۆشەویستی ڕۆمانسی نێوان هەردوو ڕەگەز پەیوەندی بە بەهێزکردنی فەزای گشتی هەیە لای ئەو توێژەرە ئەو جۆرە خوشەویستیە پەیوەندیەکی پاکە لەنێوان هەردوو ڕەگەز هەروەک بە سەرچاوەی بەختەوەری وبالابوون بەدیهێنانی خود وێنای دەکات-Illouz, Eva,2012, p12 .19

خۆشەویستی لای ئەو توێژەرە بابەتێکی سەرپێیی نیە، بەڵکوو بنەماو ناوەخنی لێکۆڵینەوەی مۆدێرنەیە، چونکە بەڕای ئەو سۆزمەندی وهۆگربوون لەبواری سۆسیۆلۆژیا کەمتر ئیشی لەسەرکراوە بەبڕاوی ئەو کارکردن بەشێوەی ئەکادیمی لەم بوارەدا تێگەیشتنە لە مرۆڤی ئێستا و دنیای کەپیتاڵ و تاکایەتی ، ئەگەرچی ئەم سۆسیۆلۆژستە یەکەم کەس نیە خۆشەویستی بە دنیای ئەکادیمی ببەستێتەوە وەک لە باکگراوندی توێژینەوەکە هێمامان بۆکرد چەندین کۆمەڵناسی کلاسیک کاریان لەسەر پرسی خۆشەویستی کردوە بەپێی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دۆخی ئابوری ئەوکات، بەڵام ئیڤالووز جوانترو قووڵتر لەم بوارەی کۆڵیوەتەوە پێی وایە بەبێ خۆشەویستی زەحمەتە لە ژێندەر تێبگەین، بەبێ خۆشەویستی زەحمەتە لە گۆڕانکارییەکانی هاوسەرگیری تێبگەین، هەروەها پێی وایە گرنگە ئیش لەسەر ئەوبوارە بکرێ بۆ تێگەیشتن لە ڕێگا تازەکانی کارکردنی ئابوری.

هەرچەند ئیڤالووز هەمان بۆچوونی کۆمەڵناسانی پێش خۆی هەبوو بەوەی، کە خۆشەویستی تەنیا ئەزموونێکی تاکەکەسی وسۆزداری نیە، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەقووڵی چۆتە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام خۆشەویستی بەکاڵا کراوە لە کۆمەڵگای ئێستادا ، بەهۆی کاریگەریەکانی کولتوری بەرخۆری ومیدیاوە ئەو جۆرە نائومێدی و ئازارە بەلای لووزەوە پێوەری هەڵەی خەڵکە بۆ خۆشەویستی بەپێی ڕێسا چەوتەکانی ڕاگەیاندن.

هەرچەندە یەکێ لە هۆکارەکانی پاشەکشەو کاڵبوونەوەی خۆشەویستی بەدیجتاڵکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە هەموو ئەو پەیوەندیانە لەڕێگای بەرنامەی ئەپەکانەوە دەکرێ کەزۆرجار بەئۆنلاین ئەنجامدەدرێ، بۆیە سروشتی خۆشەویستی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهاتوە نەوەی گەنجان خۆیان لە دۆخێکی دژبەری و پارادۆکسی دەدۆزنەوە ئەوان پەیوەندییەکانیان لەڕێگای ئەو ئەپ و

پڵاتفۆرمە فراوانە دایە ئەمەش وای کردوە پەیوەندی ڕووبەڕووی خۆشەویستی، یان واقیعی سۆزداری نێوان دووڕەگەز بەرەو پووکانەوە بچن. هەموو ئەوانە وای کردوە نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتیەکانیش گۆڕانیان بەسەردابێت لەگەڵ زاڵبوون وگەشەی تاکایەتی و بایەخدان بەخود و فۆڕمی سەرمایەداری خواستی تازەی ئابوری وەک فاکتەری بەرەنگاری خۆشەویستی سەیر دەکرێت لەگەڵ چەندین هۆکاری تر ڕۆڵیان هەیە لە لاوازی و کاڵبوونەوەی خۆشەویستی و فشار دروستکردن و سەرکەوتنی پەیوەندیەکی تەندروست لەنێوان هەردوو ڕەگەز.

بەپێی بۆچوونەکانی ئیڤا لووز خۆشەویستی لەسەردەمی پێش مۆدێرنەدا پەیوەندیەکی فەرمی و تۆکمە بوو بەهۆی خێزان و ناوبانگی و پەروەردەو سرووتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانەوە دیاریدەکرا، بەڵام لە گەڵ هاتنی مۆدێرنەدا ئەو پەیوەندیە کۆتایی پێهات خۆشەویستی ڕۆمانسی مۆدێرن هاتە کایەوە هەر ئەوەش وای کرد چێژو خۆشەویستی ڕۆمانسی شوێنی بگرێتەوە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری خۆشەویستی وەک پیرۆزی و پابەند بوون بەرەو پوکانەوەچوو بەگشتی لووس ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە بەکاڵاکردن و سەرمایەی سۆزداری بەرەنجامی بەجیهانیکرن و لۆژیکی قازانجە لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا ئەو جۆرە وەرچەرخانەی ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی لای ئیڤالووس بەپێی لۆژیکی بەرخۆری وبەکاربردنەوەیە وەک پێشتر هێمامان بۆکرد.Illouz,eva 2019, p46 .

لەتوێژینەوەیەکی دیکەیدا بەناوی سێکسی سەرمایەداری چیە؟ ئاماژە بەوە دەکات لەسەردەمی ئێستای سەرمایەداری ونیولیبراڵیزمدا ئاماژە بەوە دەکات کە سێکس و چێژ شوێنی خۆشەویستی گرتۆتەوە لەڕێگای بڵاوکردنەوەی وێنەو وروژێنەرو جل وبەرگ وسەنج ڕاکێشانی ئافرەتان و ڕیکلام وچەندین شێوازی دیکەی بەکارهێنانی سەرمایەداری بۆ بەبازاڕکردنی ئافرەتان وبەکارهێنانیان لە بازاڕەکاندا بۆ دەسخستنی کار، بۆیە سێکس پەیوەندی بە بنەمای زەبەلاحی ئابوریەوە هەیە بەگوتەی لووز ئەو ئازادیە سێکسیە ئاوێزانکرا لەگەڵ ئابوری وکایەی کۆمەڵایەتییەوە دواتر گۆڕا بۆ جۆرێک لەسەرمایە هەموو ئەو دیاردانە ئیڤالووز ناوی لێناوە بەکارهێنان وئابڕوبردنی ئافرەت وەک کاڵایەکی سێکسی. هەموو ئەو دیاردانەش لەنێوکۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەبەرنامە ڕێکخراوە لەنێو کولتوری سەرمایەداری نیو لیبراڵیزم.Illouz,eva, 2022, p6-26

ئەوەی ڕووندەبێتەوە بۆ توێژەر تێگەیشتنی قووڵی ئەو ژنە سۆسیۆلۆژستەیە لەبەرانبەر پەیوەندی خۆشەویستی و سۆزداری لەسەردەمی ئێستای جیهانگیری و سەرمایەداری و دوای مۆدێرنە ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕابواردن و چێژوەرگرتن خەریکە شوێنی خۆشەویستی لەق دەکات وەک لە زۆربەی کتێب و تویژینەوەکانی ئاماژەی بەکۆتایی خۆشەویستی ڕۆمانسی کردوە چی لە پێش مۆدێرنەو سەردەمی مۆدێرنەدا. ئەو جۆرە گۆڕانکارییە لەدنیای دیجتاڵ و سەرمایەداریدا کاریگەری بەرچاوی کردە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوتی هەردوو ڕەگەزی گەنجان بەرانبەر خۆشەویستی هەروەک ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە لەسەر نەمان وکاڵبوونەوەی خۆشەویستی وەک ڕەهەندێکی گرنگی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان.

ڕەنگە فاکتەری هەرە سەرەکی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوەی تەندروست بەئۆنلاینکردنی ڕۆژانەی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان بێت وەک سۆسیۆلۆژست وبیرمەندی ئیسرائیلی(ئارۆن زیف) پێی وایە خۆشەویستی لەڕێگای ئۆنلاین بووەتە تاکە ڕێگە لە تێگەیشتنی ژیانی سۆزمەندی ڕۆژانەمان، چونکە واقعی سۆزداریمان لەڕێگا فەزا ئەلیکترۆنیەکانەوە خۆی نمایشدەکات لێرەوە بەڕای ئەو توێژەرە ئەو جۆرە خۆشەویست و سۆزداریە ناوەخنێکی پتر خەیاڵی و دەروونی هەیە نەک فیزیکی و ڕووبەڕوو.BEN-ZE’EV, AARON,2004, p2 لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەو جیهانە ئیفتیرازی وخەیاڵیە هۆکارێکی دیکەی گرنگی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستیە بەشێوەی واقعی و ڕووبەڕوو، چونکە زۆرێک لەو گەنجانەی ئەو بەشێوەی ئۆنلاین خۆشەویستی ژیانیان دەدۆزنەوە بەشێوەی ڕیژەیی بەشکست کۆتایی پێدێت تەنیا بۆ بەسەربردنی کات و چێژوەرگرتنە کەمتر پابەندی ئاکاری و بەرپرسیاریەتی تێدایە.

یەکێکی دیکە لەو کۆمەڵناسە تازانەی کە ئیشی لەسەر پووکانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان کردوە لەنێویشیدا پەیوەندی خۆشەویستی ئەویش کۆمەڵناسی بەریتانی بەڕەگەز پۆڵەندی زیگمۆن باومانە ڕەنگە ئەو سۆسیۆلۆژستە هاوشێوەی ئیڤا لووز باشترین تیۆربێت بۆشیکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، چونکە لە کۆمەڵگای مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەی کۆڵیوەتەوە، کە چۆن جیهانگیری لەڕێگای ئامرازەکانیەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی بەرەو لاوازی و کاڵبوونەوە بردوە لە توێژینەوەیەکی تیۆری دا بە ناوی خۆشەویستی شل و کاڵبوونەوەی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان وەسفی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانە دەکات کەلە سروشتی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویانداوە، خۆشەویستی شل لێکۆڵینەوەیە لەبارەی نادڵنیایی و ناسەقامگیری پەیوەندیە تازەکانی مرۆڤ لای ئەو زانایە پەیوەندیە تراديشنەکان جۆرێک لەدڵنیایی وسەقامگیری بوو، بەڵام ئەو پەیوەندیە بەهۆی کولتوری بەرخۆری و جیهانگیریەوە ڕووبەڕووی توانەوە و نەرمونیانی بویەوە، بۆیە خۆشەویستیش وەک هەر دیاردەیەکی دیکە چۆتە ناو ئەو پەیوەندیە بۆنموونە کاتێ خەڵک دەچێتە ناو ئەو پەیوەندیە شلە سێکسیە وەک بەرخۆرو بەکاربەرێک ئەوا توانستی بینینی ئەوانی دیکە لە ڕووی

بەهاو جەوهەرەوە لەدەستدەدات بەومانایەی کە مرۆڤ لەنێو مۆدێرنەی شلدا ئەوانی دیکە وەک کاڵاو بەرخۆرێک دەبینێ ، چونکە ئارەزووی بەرخۆریزم دەبێتە بنەمای خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێستادا پەیوەندی خۆشەویستی دەبێتە کارێکی بازرگانی نەک چارەسەری کێشەو گرفتەکانی هەردووڕەگەز بکات,Bauman, zygmunt, 2003 p15 .

باومان دەیەوی پێمانبڵێت کە لە دنیای مۆدێرنەی شلدا سێکس و چێژ وەرگرتن بووەتە بەکاربردن وبەرخۆری، بۆیە خۆشەویستی تێکەڵی پرۆسەی بەکاربرن و بەکاڵاکرن بوە بەشێوەی ڕێکنەخراو تاک ئەو جۆرە شێوازە پیادەدەکات، بۆیە نەوەی گەنجان بەرانبەر جۆری ڕاستەقینەی خۆشەویستی بەشێوەی پاکی وپابەندی بێمەرج  دوورکەوتوونەتەوە خۆشەویستی لەدنیای بەرخۆریدا هێماو خاوەندارێتی لەدەستداوە مرۆڤ بەهۆی ناسەقامگیرییەکانی دنیای ئەنتەرنێت و جیهانگیری خۆشەویستی وسۆزمەندی بووەتە کێشەی قووڵ ونیگەرانی هەردوو ڕەگەزی لێکەوتۆتەوە بەشێوەیەک چیدیکە خۆشەویستی نابێتە پەناگەی ئارامی وسەقامگیری دەرونی وکۆمەڵایەتی گەنجان، بۆیە تێبینی دەکرێ خۆشەویستی بەرەو پووکانەوەو کاڵبوونەوە هەنگاو بنێ لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین کێشەو گرفتی بەردەم هەردوو ڕەگەز، ئەگەرچی هەموو ئەو تیۆرانە بەرهەمی ئەقڵی ڕۆژئاواو کۆمەڵگاکانی دەرەوەن ڕەنگدانەوەی تەواوی پەیوەندیە خۆشەویستیەکانی ئەوێن، ئازادی سێکسی وخۆشەویستی پرۆسەیەکی مێژووکردی کۆمەڵایەتی و کولتوریە بەرهەمی مۆدێرنەو ڕۆشنگەریە، بەڵام هەریەکە لەم تیۆرانە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگای کوردیەوە هەیە، چونکە لەڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و فەزا ئەلیکترۆنیەکانەوە سیماو لێکەوتەکانی دەرکەوتوون بەشێوەی ڕێژەیی، هەرچەندە وەک سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد کۆمەڵی کوردی هێشتا کۆمەڵگایەکی ڕاگوزەرییە ڕەنگە چەمک وبەهای خۆشەویستی وجۆرەکانی بەئاشکرا خۆیان نمایش نەکەن بۆنموونە خۆشەویستی ڕۆمانسی وهۆگربوون و هاوڕێیەتی هەردوو ڕەگەز لە ژێر پرسیاری قووڵ دابێت، بەڵام وەک باسمان کرد لێکەوتەکانی بەجیهانیکردن پریشکی بەر کۆمەڵگای کوردی کەوتوە گۆڕانکاری لەفۆڕمی پەیوەندی خۆشەیستی و پەیوەندییەکانی دیکە ڕوویداوە ، وەک ئێستا تێبینی دەکرێ خۆشەویستی بووەتە مادەیەکی لاستیکی هەرزان لەهەموو شوێنێک بەردەستە ڕۆڵی جارانی نەماوە خەریکە وەزیفەکەی لەدەست دەدات، بۆیە ئەو تیۆرانەش بەرمەبنای ئەو دۆخەیە کە گەنجی ئێستا تێیکەوتوە دەشێ شیکردنەوەی ئەو تێوردانەرانە سودی هەبێت بۆ تێگەیشتن و یارمەتیدانی ئەو پرسیارانەی کە توێژەر لە کێشەی توێژینەوەکە دەیەوێ بیدۆزێتەوە..

### سێیەم: خستنەڕووی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان

ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە ئەو ئەنجامانەی لەم بەشەدا بەدەستهاتوون بخرێتە ڕوو و گفتوگۆیان لەسەربکرێت، بەمانایەکی دیکە پیشاندانی ئەو ئەنجامانەیە کە لە چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراو بەدەست هاتوون، هەورەوها ئەنجامەکان لەچەند تەوەرەیەکدا دەخرێنە ڕوو، کە توێژەر بەسەرنجدانی قووڵی لێتوێژەران و ئەوپرسیارانەی کە بەشێوەی نیمچە ڕێکخراو ئاراستەی ئەوکەسانەی کردوە کە بە پرۆسەی پەیوەندی خۆشەویستیەوە تێپەریون، یان لەنێو پرۆسەکەدان تەوەرەی چوارەم وەڵامی پرسیاری ئایا کات بەسەربردن شوێنی پەیوەندیی خۆشەویستی گرتۆتەوە بۆ ئەم پرسە هەروەک لەکێشەی توێژینەوەکە ئاماژەی بۆکراوە هەرئەوپرسیارە دەبێتە هۆی گەنگەشەکردنی توێژەرو وەڵامی بەدەستهاتوی لێتوێژەران تەوەرەی پێنجەم پێکدێت لەئایا ئامرازەکانی بەکارهێنانی فەزا ئەلیکترۆنیەکان بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لای نەوەی گەنجان.

**چوارەم:کات بەسەربردن:** دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێو نەوەی گەنجاندا ئەوە ئەو پرسیارەیە  کە ئاراستەی لێتوێژەران کراوە ڕەنگە بۆ کۆمەڵی کوردی ئاسان نەبێت  کات بەسەربردن بەهۆی دابونەریتەکان و فۆرمی کۆنی خێزان وچەندین بەربەست وڕێگری دیکە، هەرچەندە خۆشەویستی چەندین فۆرم وپێناسی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی کە خۆشەویستی جیادەکاتەوە پابەندی هەردوو ڕەگەزە بەو بەها باوانەی کەپەیوەندی بە ڕێزو پابەندی کۆمەڵایەتییەوە هەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی کولتوورو دۆخی کۆمەڵگاکان و کات و شوێنەوە.

یەکێک لە بەشداربووانی تەوەرەکە پێی وایە کە لەڕابردوودا پەیوەندی خۆشەویستی بەهێزبوو پابەندی ئەخلاقی هەبوو، چونکە خۆشەویستی سنوری هەبوو تەنانەت ئەگەر بۆ هاوسەرگیریش نەبوایە، بەڵام بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگاو بچوکبونەوەی کۆمەڵگاکان وهەژموونی جیهانگیریەوە کورو کچ ڕۆژانە یەکتر دەبینن  بەردەوامی ئەو یەکتر بینینە وادەکات پەیوەندی خۆشەویستی کاڵبێتەوە، چونکە لای ئەو گەنجە زوو بینینی یەکتر وادەکات هیچ بابەتێک دواجار نامێنێ قسەی لەسەربکەی ڕەنگە دەسگیرانی یەکتر بن دواجار لێکجیادەبنەوە بەهۆی ئەو جۆرە کرانەوەیە، بۆیە پێویستە سنورێک هەبێ لەنێونیان تەنانەت ئەگەر زۆریش یەکتریان خۆشەویست، هەرچەندە ئەو گەنجە بە پرۆسەی خۆشەویستی تێپەڕیوە، بەڵام پەیوەندیەکەی زیاتر سنورداربوە هیچ ئامرازو پڵاتفۆڕمێکی کۆمەڵایەتی لەمیانەی دروستبونی پەیوەندیەکە بەکارنەهێناوە تا ئەو پەیوەندیە سۆزمەندیە گەیشتۆتە خۆشەویستی  هەمان

بەشداربوو کە لەڕەگەزی کچە لەدوا قۆناغی خوێندنی زانکۆیدایە لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەفاکتەری گرنگپێنەدان دەکات لەڕەگەزی کوڕ پێی وایە کە هۆکاری سەرەکی کاڵبوونەوەی پرسی خۆشەویستی گرنگی پێندانە، هەرچەندە ئەو بابەتە پەیوەندی بەهەردوو ڕەگەزەوەهەیە نەک تەنیا ڕەگەزێکی دیاریکراو، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی باوکسالاری زیاترلەناو ڕەگەزی کوڕان ڕەنگیداوەتەوە، هەمان بەشداربووی گەنج وای دەبینێ کە یەکێک لەڕووکارەکانی گرنگپێنەدان پرنەکردنەوەی پێداویستییە دەرونی وڕۆحییەکانی کچانە.

بەشداربوویەکی دیکەی ئەوتەوەرەیە لەنێو پرۆسەی خۆشەویستیدایە، بەڵام ئەو پێی وایە کە خۆشەویستی جیاوازە لەگەڵ کات بەسەربردن، چونکە ئەزمونی خۆم پێم دەڵێ کە خۆشەویستی ڕاستەقینە تێگەیشتنێکی دیکەی هەیە، بەڵام ئەوەی کە هەیە زیاتر کات بەسەربردنە بەدەگمەن خۆشەویستی ڕاستەقینە ماوە، ئەگەرچی ئەوگەنجە پێی وایە کە بەزەحمەت خۆشەویستی پۆلێن دەکرێت، چونکە هەندێکمان خۆشەویستی دەکەین بۆ چێژ بەخشین لەهەمانکاتدا هەمان کوڕو کچ خۆشەویستی دەکەن بۆ کات بەسەربردن واتا لەیەککاتدا هەردوو فۆرمەکە پیادەدەکەن بونموونە ئەو گەنجە هەم خۆشەویستی ڕاستەقینەی هەیە هەم خۆشەویستی هەیە بۆ بەسەربردنی کات وچێژ، هەرچەندە ئەو کوڕە پێی وایە کە ئەو جۆرە خۆشەویستیە لەنێو هەردوو ڕەگەز بوونی هەیە، بەڵام زیاتر لای کوڕان هەستی پێدەکرێ. لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دنیای تازەگەری کاریگەری کردۆتەسەر فۆرمی کۆنی خۆشەویستی، بەڵام بەشێوەی ڕێژەیی، ئەوجۆرە فۆرمە خۆشەویستیە ی کە لەزانکۆ و شوێنەکانی دیکەی کۆمەڵ بوونی هەیە زیاد لە فۆرم وجۆرێکی هەیە هەم خۆشەویستییە هەم کات بەسەربردنە، چونکە بەگوێرەی وەڵامی لێتوێژەران ئەو گەنجانەی خۆشەویستی دەکەن زیاتر پەنا بۆ کات بەسەربردن دەبەن نەک ئەو جۆرە فۆرمەی کە پێی دەگوترێ عەشق، چونکە ئەو چەمکە زیاتر بۆ هاوسەگیری و ژیان پێکەوەنانە نەوەک ئەو خۆشەویستیەی کە هەیە لەواقیعدا، بەڕای بەشدابوویەکی دیکە هەردوو ڕەگەز هەم پیادەی خۆشەویستی دەکەن هەم پیادەی کات بەسەربردن وگاڵتەوگەپ دەکەن ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە دنیای تەکنەلۆژی وپلاتفۆرمەکانی وای کردوە خۆشەویستی بەتێگەیشتنە کلاسیکیەکەی کاڵبێتەوە و بەرەو پووکانەوە بچێت. لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە لای توێژەر کە خۆشەویستی بەشێوەی ڕێژەیی بەهاو وەزیفەی لەدەستداوە کات بەسەربردن شوێنی ئەو پەیوەندیە ی گرتۆتەوە ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە گەنجان زیاتر هەنگاو دەنێن بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە دنیای مۆدێرنەو سەرمایەداری دروستیکردوە لەڕێگای ئەو ئامرازانەی کە دروستیکردووە، چونکە بەگوێرەی زانیاری بەدەستهاتوو خۆشەویستی بەواتا دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداریەکەی کاڵبۆتەوە تەنیا وەک کاڵایەک بەرخودی لەگەڵ دەکرێ لەلایەن هەدوو ڕەگەزەوە.

بەگوێرەی بۆچوونی لێتوێژەران وسەرنج و تێبینی توێژەر کۆمەڵگای کوردی لەئێستادا گۆڕانی بەسەر داهاتووە لەڕووی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەتی لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەهەموو کایەو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە چی لەسەر ئاستی میکرۆ بێت چی لەسەر ئاستی ماکرۆ بێت، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فۆرمی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر زۆر گۆڕاوە، بەتایبەتی لەنێو هەردوو ڕەگەز ئەوەش لای خۆیەوە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانیەوە ئەو جۆرە کاریگەریە بەرەنجامی هەژموونی سەرمایەداری و نیو لیبرالیزمە لەڕێگای فەزا ئەلیکترۆنیەکانەوە شۆڕبووەتەوە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێویشیدا پەیوەندی خۆشەویستی.

**پێنجەم:** هەرچەندە پەیوەندی خۆشەویستی لەسەردەمی پێش دنیای مۆدێرنەو هەژموونی جیهانگیریدا پەیوەندیەکی تۆکمەو ڕاگیربوو بەهۆی پابەندی ئەخلاقی و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش بەدەرنەبوو لە ڕێگری و بەربەستەکان بۆنموونە پەیوەندی خۆشەویستی لەسەردەمی پێش مۆدێرنەدا تەنیا کورتکرابویەوە لەسەر ژوان بەستن بۆماوەیەکی کاتی یان بەهۆی شەرم وترسەوە ئەو دەرفەتە دروست نەدەبوو تاوەکوو شارەزای تەواوی یەکتر بن لەبەر ئاشکرابوونی پەیوەندیەکانیان زوو کۆتایی دەهات، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاکان و زاڵبوونی ئامرازەکانی تەکنەلۆژی وبەکارهێنانی ئەپ و پلاتفۆرمەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە دواتر کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بەڕووی جیهاندا ئەو بەربەستە کۆمەڵایەتی ودەرونیانە بەئاراستە گۆڕانکاریکردن لەئاستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەک تێکشکێنرا بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنیەوە کاری کردە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ، بۆیە زاڵبوونی ئەو ئەپ و پلاتفۆڕمانە پەیوەندیی خۆشەویستیان ئاسان کرد بەشێوەیەک کاری کردە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان وای کرد خۆشەویستی لەهەموو شوێنکدا بەردەستبێ ئەمەش لای خۆیەوە وای کرد خۆشەویستی بەرەو کاڵبونەوەو پووکانەوە هەنگاوبنێ بەهاو وەزیفەی لەدەستبدا وەک سۆسیۆلۆژستەکان ئاماژەیان بۆکردوە لەبەشی تیۆرەکەدا ئەو بابەتەمان شیکردۆتەوە.

ئەگەرچی ئەو ئامرازانە وەک لێتوێژەران ئاماژەی بۆدەکەن گەنجان بەشێوەی ئۆنلاین خۆشەویستی دەدۆزنەوە و لەزانکۆو شوێنەکاندا دواتر پیادەی ئەو پەیوەندیە دەکەن بەشێوەی ڕووبەڕوو.

ئەوتەوەرەیە گەنگەشەکردن وشیکردنەوەی پرسیاری فەزا ئەلیکترۆنیەکانە لەسەر کاڵبوونەوەی پەیوەندیی خۆشەویستیە لەنێو نەوەی گەنجاندا

هەرچەندە خۆشەویستیم کردوە، بەڵام نەمتوانی بەردەوام بم، چونکە بۆم ڕوونبویەوە کە خۆشەویستەکەم ڕۆژانە لەڕێگای ئەپەکانەوە چەندین کەسی وەک منی لەخشتەبردوە، بۆیە زوو بە فێڵەکەیم زانی دوورکەتمەوە ئەوە قسەی یەکێکی دیکەیە لە لێتوێژەران زۆر بەدگومانە لەو ئەزمونەی کە بینویەتی لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەڕێگای پڵاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەوەش پێماندەڵێ کە فەزا ئەلیکترۆنیەکان ڕۆڵێکی نەرێنیان گێڕاوە لە کاڵبوونەوەو لەناوچوونی پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێو گەنجاندا، ئەگەرچی وێنەی وروژێنەرو مۆدێلەکانی جل وبەرگ ونمایشکارەکان و نادی کلەپەکان ومەساج خانەکان وچەندین شوێنی دیکە بەواقعی کاری کردۆتە سەر کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی بەومانایەی کە ئەو جۆرە دیاردانە وای لەگەنجان کردوە بیر لە کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن بکەنەوە لەبری پەیوەندیەکی تەندروست و ئاکاری لەبارەی خۆشەویستیەوە.

هەرچەندە تایبەتمەندیی وپریشکەکانی سەرمایەداری وکولتووری نیولیبرالیزم لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام کۆمەڵگای کوردی بەشێوەی ڕیژەیی لەژێر کاریگەری ئەو کولتوورە بەرخۆریەدایە هەروەک لەبەشی تیۆری ئاماژەمان بە ئیڤالوز کرد کە بەچ شێوەیەکی نێگەتیف ئەو کولتوورە ڕەنگیداوەتەوە لەناو پەیوەندیەکۆمەڵایەتییەکان وکارلێکی گەنجاندا لێرەوە ئەو جۆرە بەرخودەی خۆشەویستی بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاراستەکەی گۆڕاوە بۆ بەکاربردن و چێژ وەرگرتن و بەسەربردنی کات لەنێوان هەردوو ڕەگەز

کۆمەڵگا لە نەریتێکی ڕەقەوە گۆڕاوە بۆ نەریتێکی شل ئەوەش هەمووی بەهۆی هەژموونی جیهانگیری ومۆدێرنەی شلدا مرۆڤ وەک کاڵایەک هەڵسوکەوت دەکات بەتایبەتی لە کایەی خۆشەویستیدا وەک باومان باسیدەکات توێژەر لەبەشی تیۆریدا ئەو بابەتەی شیکردۆتەوە.

بەشداربوویەکی دیکەی ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیاو ئەپەکان دەکات لەسەر کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی ئەو لێتوێژەرە پێی وایە کە نەوەی پێشوو بە نەوەی زێڕین بەناو بانگ بوون لەهەمبەر پرسی خۆشەویستی، چونکە نەوەی پێشوو سنوریان تێنەدەپەڕاند، بەڵکو پابەندیەکی تەواویان هەبوو بە چەمک وبەهاکانی خۆشەویستی، بۆیە هەمیشە سەرکەوتوانە خۆشەویستی وپرسە سۆزمەندیەکانیان پیادەدەکرد بەبێ ئەوەی وەزیفەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە لەدەستبدەن، چونکە خۆشەویستی لای نەوەی زێڕین بەگوێرەی بۆچوونی لێتوێژەر نەوەی هەفتاکان و هەشتاکان ونەوەدەکان دەگرێتەوە یەکێک لە سیماو ئاماژەکانی ئەوکاتی خۆشەویستی بریتیبوو لە نامە گۆڕینەوەو بینینی ماوە کورت بەو شێوازە چیرۆکی خۆشەویستیان بۆیەکتر باسدەکرد بەبێ زیادەڕەوی وهەڵخەڵەتاندن و فێڵ، چونکە پەیوەندیەکە لەسەر بنەمایەکی تەندروست وڕاستگۆیانە دامەزرابوو، بەڵام لەئێستادا پڵاتفۆرمەکۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی هەڵوەشانەوەی تێکڕای ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی کە نەوەی پێشووتر لەسەری ڕاهاتبوون.

هەمان بەشداربوو وای دەبینی خۆشەویستی ڕاستەقینە نەماوە، بەڵکو ئەوەی هەیە کات بەسەربردنە، چونکە نەوەی سۆشیاڵ میدیا و فەزا ئەلیکرۆنی و ئەپەکان خۆشەویستیان کردۆتە ساختە بەهاکەی لەدەستداوە، هەرچەندە خۆشەویستی پەیوەندیی بەکۆمەڵێک لایەنەوەهەیە دەچێتە ناو گشت کایەکانەوە، بەڵام ئەوپەیوەندیەی جاران کاڵبۆتەوە نەک تەنیا لەبواری خۆشەویستیدا، بەڵکو کاریگەری کردۆتە سەر زۆربەی کایەکانی ژیانی مرۆڤ بەگوتەی ئەولێتوێژەرە بەشی زۆری ئەولاوازیە لەپەیوەندیەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بەڕۆژانەییکردنی میدیاو پڵاتفۆرمە کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانیان لەلایەن نەوەی تازەی گەنجانەوە.

کۆتا بەشداربوو ئاماژە بەوەدەکات کات بەسەربردن وڕابواردن تەواو زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی گەنجاندا بەگوێرەی ئەو لێتوێژەرە شتێک نیە ناوی خۆشەویستی و هۆگربوون بێت لەنێوان کوڕان وکچان، چونکە متمانەو خۆشەویستی بوونی نیە ئەوەی هەیە کات بەسەربردنە ئەوەی بەئەزموونی پەیوەندی خۆشەویستی تێپەڕیبێ لەوە تێدەگات چێژی جەستە و کات بەسەربردن دەبێتە دروستبوونی ئەو پەیوەندیە نەوەک خۆشەویستی و هۆگربوون لەگەڵ یەکتر ئەو لێتوێژەرە پێی وایە کە ئامرازەکانی سۆشیاڵ میدیا بوونەتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی ئەو پەیوەندیە نادروستەی کەلەنێوان گەنجاندا هەیە بەتایبەتی نەوەی دووهەزارەکان. کە زۆرجار بەنەوەی سۆشیاڵ میدیاو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەناسرێنەوە ئەو نەوەیە باکیان بە هەڵوەشانەوەی بەها پتەوەکان نیە تەنیا لە خەمی خۆجوانکردن ونمایشکردندان، بۆیە پەیوەندیی خۆشەویستی لەسەردەمی ئێستادا بەرەو نەمان و تێکچوونی یەکجارەکی هەنگاو دەنێ ، ئەو لێتوێژەرە باسی چیرۆکی خۆی دەکات لەگەڵ کوڕێکی هاوپۆلی خۆی، کە دواتر بۆی ڕوون بویەوە تەنیا بۆ وچێژوەرگرتن داوای ئەو پەیوەندیەی لێکردوە.

ئەوەش پێماندەڵێت کە پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوەی ڕێژەیی بەرەو پووکانەوەو کاڵبوونەوە دەچێت، هەرچەندە پلاتفۆرمەکۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی ئێجگار زۆر دەگێڕن لەبەرانبەر کاڵبوونەوەی ئەو پەیوەندیە، بەڵام هۆکاری تری وەک ناسەقامگری و سیستەم و ناهاوسەنگی کولتوری کۆمەڵگاکان و گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگا هەمدیسان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە نەمان وپووکانەوەی ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی کە نەوەی پێشوو پیادەی دەکرد.

لێرەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەنێویشیدا پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوەی گشتی گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتوە بەهۆی زاڵبوونی هەموو ئەو ئامرازو تایبەتمەندییە تازانەی کە دنیای مۆدێرنە لەگەڵ خۆی هێنایە ناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەش لای خۆیەوە لێکەوتەی بەسەرکۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دروستکرد پەیوەندی خۆشەویستی لە پابەندبوونێکی ئەخلاقیەوە گۆڕی بۆ مادەیەکی لاستیکی هەرزان،لەپەیوەندییەکی پتەو و ڕەقەوە گۆڕی بۆ پەیوەندیەکی شل وسێکسی وەک لەبەشی تیۆرەکە ئاماژەمان بە بۆ چوونی باومان کرد، ئەگەرچی لە کولتووری ڕۆژئاوادا پەیوەندی خۆشەویستی چەندین فۆڕمی جیاجیای هەیە، بەڵام وەک ئاماژەمان بۆکرد ئەوجۆرە توێژینەوانەی کە سۆسیۆلۆژستەکانی مۆدێرنە ئەنجامیانداوە ڕووکارو سیماکانی لەسەرکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وکوردستان هێدی هێدی لەڕێگای کەناڵی جیا جیاوە دەردەکەون، بۆیە خۆشەویستی و سۆزمەندی بەپێی بۆچوونی لێتوێژەران وەک هەموو پەیوەندیەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاو دەنێ چیدیەکە ئەو پەیوەندیە ڕاگیرە نیە، کە نەوەی پێشوو لەسەری ڕاهاتبوون، بەڵکو بووەتە بابەتێکی سەرپێیی و تێپەڕیو ئامانجی هەردوو ڕەگەز بەسەربردنی کات وڕابواردنە.

### دەرئەنجام

لەم توێژینەوەدا ئەنجامی بەدەستهاتوو لەڕێگای ٦ کەس کە لێتوێژراوبوون بەشێوەی خۆبەخش چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراویان لەگەڵ ئەنجامدراوە، ئەویش بەئاراستەکردنی چەند پرسیارێک بۆنموونە ئایا کات بەسەربردن شوێنی پەیوەندی خۆشەویستی گرتۆتەوە لەگەڵ ئامرازەکانی بەکارهێنانی فەزا ئەلیکترۆنییەکان بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لای نەوەی گەنجان ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی خۆشەویستی لەنێو نەوەی گەنجاندا بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاو دەنێ کات بەسەربردن و چێژ شوێنی پەیوەندی خۆشەویستی گرتۆتەوە، هەروەها ئەنجامی بەدەستهاتوو بەپێی وەڵامی لێتوێژەران ئەوە نیشاندەدات، کە خۆشەویستی لەسەردەمی فەزا ئەلیکترۆنییەکاندا ڕۆڵی نەرێنی هەیە لە سەرکاڵبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لای گەنجاندا. ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی خۆشەویستی بەهاو وەزیفەی لەدەستداوە.

### سەرچاوەکان:

### کتێبەکان بەئینگلیزی


- Ben -zeev, aaron , Love Online emotions on the internet, Cambridge University press, 2004.
- Bauman, zygmunt, liquid love 2003, Polity Press.
- Illouz, Eva why love hurts , policy press 2012.
- Illouz,eva, What Is Sexual Capital? Polity Press 2022.
- Illouz, Eva, cold intimacies the making of emotional capitalism, 2007.
- Illouz,eva, the end of love, Oxford University Press,2019.
- Iorio, Gennaro and Cataldi, Silvia, Social Love and the Critical Potential of People,2023.
- Luhmann, niklas,love as passion,the Codification of Intimacy, Polity Press 1986.
- Schef, Thoma, whats love got to do with it, Routledge 2016.
- Seebac, Swen, love and society, Routledge,2017.
- von Scheve, Emotion and Social Structures Christian,2013.

تلاشي علاقة الحب بين جيل الشباب دراسة ميدانية في مدينة اربيل

**حيكمەت نامق على**

قسم اللغة الكورديه،كلية التربية مخمور،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.

Hawleryhalwest70@gamil.com

**ملخص**

الهدف الرئيسى من هذا البحث هو تحليل المنهج الكيفي حول إضعاف أو تلاشي علاقات الحب لدى جيل الشباب ومعرفة فهم الشباب عن حل الترفيه محل علاقات الحب وقد تمثلت الحدود المكانية للبحث في مدينة اربيل التي اعتمدت كمنطقة لجمع البيانات التي تم استخدامها وقد جمعت البيانات والمعلومات من خلال مقابلات شبه مقننة بلغ عدد المشاركين فيها ٦ أفراد متطوعين مقسمين مناصفة إلى ذكور وإناث. وقد أشارت نتائج هذه الدراسة إلى أن علاقة الحب قد بدأت في التلاشي؛ في المقابل، حل الترفيه محل هذا النوع من العلاقة بين جيل الشباب حسب استجابة المشاركين؛ كما أدى الفضاء الإلكتروني إلى إضعاف علاقة الحب.

**الكلمات المفتاحيية:** الحب, علاقة الحب, جيل الشباب, الفضاء الاكتروني

**The Fading Love Relationship Among the Young Generation**

**Hikmat Namiq Ali**
Department of Kurdish Language, College of
Education makhour, Salahaddin University-
Iraq Kurdistan Region, Erbil, Erbil,
Hawleryhalwest70@gmail.com

**Abstract**

This research aims to qualitatively analyze the decline of love relationships among the young generation, focusing on their understanding of how entertainment is substituting for love, and the role cyberspace plays in this phenomenon. Data was collected through semi-structured interviews conducted in Hawler City. The study involved six volunteers, evenly split between three boys and three girls. The findings suggest that love relationships are diminishing, with entertainment increasingly taking their place among today's youth. Additionally, cyberspace is seen as a contributing factor to the weakening of love relationships.

**Keywords:** Love, love relationship, young generation, cyberspace